# جەنابی سەرۆکی ئێراق داوای لێبوردن لە کورد بکە

## عەلی مەحموود محەمەد

دەزانین جەنابی خاوەندی شکۆمان زۆر لێبوردەیە ,بەڵام هیوادارم لێبوردەییەکەی وەك باوەڕ بوون بێت پێی نەك سازشی سیاسی, کە تا ئێستا مخابن وا خۆی نیشان داوە, لەم مەڵبەندەی جینۆسایدە کە ناوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە, شوێنێك پنتێك نییە بۆ لێبوردەیی مرۆڤەکان, ئەوەی کوردیش دەیکات زیاتر وەك سەرشۆڕی نەتەوەی زۆرلێکراو خۆی دەردەخات , چەندە جوان دەبوو ئەو لێبوردەییانەی ئێوە پێی هەڵسان کەسوکاری قوربانیان بە تەنیا یان بە هەمانهەنگ لە گەڵ ئێوە بکرابایا .

مێژوویەك ئێمە دەبەستێتەوە بەم وڵاتانەوە لە ناو خوێن و ئێسك و پروسکدا غەرق بووە, بۆ سڕینەوەی ئەو تاڵیانە پێویستمان بە داد پەروەرییە,دادپەروەری و ئاشتەوایی پێکەوە گرێدراون, بە بێ یەکەم ئەنجامدانی دووەم زەلالەتە, وەك ئەوەی سیاسییەکانی کورد لەمڕۆدا دەیکەن.

جەنابی سەرۆك دەزانن ,کارێکی زۆر ناشایستەو نارەوایە داوا لە قوربانیانی تاوانەکان بکرێت ئاشتەواویی بکەن ,لە کاتێکدا هێشتا دادوەری بە ڕۆڵی خۆی هەڵنەسابێت ,هێشتا مافەکان بۆ قوربانیان نەگەڕابێتەوە !!.

لە ئەزموونی خوارووی ئافریقیاوە با فێر بین کە '' باسکردنی سەرچاوەی تاوانەکان ,دانپێنان ,قەرەبووکردنەوە,دان نان بەو شتانەی کە رووی دا, هەندێك جار زۆر پڕ بایەخترە لە زانینی حەقیقەتەکانی بابەتەکە, ئەگەر چی مەرج نییە هەموو ئەو کەسانەی کە ئازاریان چەشتووە پێویستیان بە داوای لێبوردن کردن هەبێت بەشێوەیەکی ڕەسمی تا ناکۆکییەکان ڕابردوو لەبیر خۆیان ببەنەوە, لێکۆڵینەوە لە پرۆسەی لێخۆش بوونی''کۆمسیۆنی حەقیقەت و پێکهاتنەوە لە باشووری ئافریقا'' ئەوە پیشان دەدات کە قەبوڵکردنی سەرەنجامەکان تا ئەندازەیەکی زۆر زیاد دەکات , کاتێك قوربانیان یان کەسوکاری قوربانیەکان دانپێنانێك و داوای لێبوردنێکی شەرعییان پێ دەگات .''پێکهاتنەوە –چارلس ڤیلا –ڤیسیستۆ ''.

قەرەبووکردنەوە تەنها پاداشتی مادی نییە لە بەرامبەر ئەو زیانانەی لە قوربانیان کەوتوونە,بەڵکە خۆی لە پاداشتی مادی یان ڕەمزی یان پێکەوە دەبینێتەوە,ڕەنگە پاداشتی دارایی بێت یان پۆزش و داوای لێبوردنکردن بێت لە قوربانیان یاخود هەردووکیان پێکەوە ,نابێت لە یادمان بچێت کە بژاردن هەم قەرەبووکردنەوەیە و هەم پەیمانیشە بۆ دوبارە نەکردنەوەی تاوانەکانی ڕابردوو لە ئایندە ,ئێمەش لەم مەڵبەندی جینۆسایدە پێویستمان بەمەیانە زیاتر .

قەرەبووکردنەوە کەرامەتی مرۆڤایەتی و هەندێك زیانە مادییەکان دەگەرێنێتەوە بۆیان ,بۆ ئەوانەی مافیان پێشێل کراوە ,بۆیە مافی قەرەبوو مافێکی بێ ئەملاو ئەولای سازش هەڵنەگرتنی قوربانیانی کوردستانە ,کەسیش بۆی نییە بە ناویانەوە ئەو سازشە بکات .

دەوڵەتی ئەنجامدەری تاوان نابێت لە بەرپرسیاریێتی کارەکانی ڕابردووی هەڵێت ,کە قەربووی قوربانیان دەکاتەوە, لە بەر ئەوە نییە بەرپرسە لە تاوان و هەڵەکان ڕابردووی سەدام, بەڵکە لە بەر پابەند بوونییەتی بە بەرژەوەندی گشتییەوە و کارکردنیەتی بۆ دووبارە تێکەڵکردنەوەی قوربانیەکان بەکۆمەڵگاو گەڕاندنەوەی کەرامەت بۆیان .

بە داوی لێبوردن کردن بەرپرسیارێتی هەڵگرتنی ئەو تاوانە گەورانەی لە ڕابردوودا ئەنجامدراون ,تاکە زەمانەتی هاوسەنگی ڕاگرتنە لە نێوان مافی قوربانیان و بەرپرسیارێتی تاوانکاران ,دەوڵەت بەردەوام دەبێت لە هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی سیاسەت و کاری فەرمانڕەواکانی پێشووی خۆی, ئەو بەرپرسیارییەتییە مانای تاوانبار بوون ناگەیەنێت ,بەڵکە شۆردنەوەیە لێی ,پاککردنەوەی خودە لەو ڕابردووە تاڵە خوێناوییە ,ئەمە لە باشووری ئافریقیا و شیلی و ئاڵمانیاو ..تەواوی ئەو وڵاتانەی گۆڕانکاری تیایاندا ئەنجامدرا پەیرەو کرا,کوردیش چاوەڕوانی دەکات لە ئێراقی نوێ کە ئێستا ئێوە سەرۆکین ببێتە پرنسیبێکی دەسەڵاتدارییەتی داهاتوو.

سەرۆکی شیلی چەپگەرا لاگۆس هەڵستا بە ناردنی نامەی پاساو هێنانەوەی کەسی یان داوای لێبوردنکردن بۆ کەسوکاری قوربانیانی دەست ڕژێمی سەربازی ڕاستڕەوی پێشوو ,کەچی خۆی قوربانی و نەیاری ئەو دەسەڵاتە بوو کە تاوانی ئەنجام دابوو.

قوربانیانی دەستی ڕژێمی نازی ئاڵمانیاش, لە پاڵ قەرەبووی مادی, هەر یەکەیان نامەی سەرۆك کۆماریان وەرگرت ''یوهانز راو'' کە داوای لێبوردنی لێیان کردبوو.''تعويز العمال الاسترقاقيين والقسريين في المانيا النازيه- يونامی ''.

لە تەیموری ڕۆژهەڵاتیش داوای قەرەبووی ماوەی داگیرکاریش کرایەوە, نەك تەنها قەرەبووی پێشێلکارییە گەورەکان .

ئەو قەرەبوە مادیانەی بە بێ یاسا و ئاشکرا کردنی ڕاستییەکان و داوای لێبوردن دەبەخشرێت وەك خوێن بایی و هەوڵی کڕینی دەنگی قوربانیان تەمەشا دەکرێت ,کوردیش پێویستی بەوە نییە, چاوەڕوانی ئەوەیە دەوڵەتی بکەری تاوان, داوای لێبوردنی لێبکات ,بەڕێزیشت کە هەنووکە لە سەروی فەرمەنڕەوایی ئێراقەوەیت ئەرکە لەسەرت بەمکارە هەڵبستیت, باشترە چاوەڕوانی دوارۆژ بکەین بزانین ئەم ئەرکەی کە ٦ ساڵە دەبوایا پێی هەڵبستایتایا ئەنجامی دەدەیت؟؟ , با ناوت لەگەڵ ئەو سەرۆکانەیا ڕیز بێت ,کەمێژوویەکی نوێیان لە لێبوردەیی سەربەرزانە بۆ قوربانیانی وڵاتەکەیان تۆمار کرد .

چاوەڕوانین هەموو قوربانیانی جینۆساید و تاوانی جەنگ و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی و پێشێلکاری گەورە لە جەنابی سەرۆکە نامەی داوای لێبوردنیان پێ بگات .